www.kurdistannet.org
12-9-2003 12:54

# ئەفسووس بۆ ئاوابوونی ئەم ئەستێرەیە!



ئاننا لیند

ئەو ژنەی لە ئاسۆی سیاسەتدا وەک ئەستێرە دەدرەوشایەوە!

ژنێکی بزێو، سەرکەوتوو، مرۆڤدۆست. . ژنێکی نموونەی باڵا !


ژنێک کە دەشیا نەک هەر سوێد، هەموو جیهان شانازی پێوە بکات!

ئاننا لیند. . ڕووی دەرەوەی وڵاتی سوێد، ڕوویەکی ئەستێرەئاسا گەشاوە، سەر لە ئێوارەی 10ی سێپتەمبەر بە دەستی تیرۆسیستێک لە ناوجەرگەی شاری ستۆکهۆڵمدا درایە بەر چەقۆ و. سەر لە بەیانی 11ی سێپتەمبەر بە هەواڵی ئاوابوونی ئەو ئەستێرەیە، ناسۆرێکی قووڵ دڵی ملیۆنانی سمیی!

ئاننا لیند، وەزیری دەرەوەی سوێد، ئەگەر چی ئەستێرەی ژیانی بە دەستی تیرۆر کوژێنرایەوە، بەڵام بەهۆی ئەو پێشڤەچوون و سەرکەوتنانەی لە 46 ساڵی تەمەنیدا بەدەستی هێنا، لە پلەی نموونەی باڵادا دەیهێڵێتەوە و، بوو بە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی مێژوو!

لەدەستچوونی ئەم نموونەباڵایە، ئەم ئەستێرە درەوشاوەیە ئەفسووسێکی گەورەیە! بەڵام دەبێت دوای ئاوابوونیشی هەر نموونەی باڵا بێت، بە تایبەتی بۆ ژن!

گوڵ و خۆشەویستی بۆ گیانی بزێوو ئاشتیخوازی ئاننا لیند!



. . .

2003-9-11

ستۆکهۆڵم

مەهاباد قەرەداغی